

# وتویژی بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەل ئاسۆکەمال بەرپرسی کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**سازدانی خەسرەوسایە**

**خەسرەوسایە: هاوری ئاسۆ کەمال هەروەك راگەیاندنەکانی کەمپینی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ئاشکرایان کردووە، ئەم ماوانە ئیوەلەشارەکانی سلیمانی وهەولیر جگەلە سازدانی کۆنگرەیەك چەندین چالاکی ترتان بووە و لەگەل خەلك و کەسایەتییەکانی کوردستان کۆبوونەوە ودیدارتان سازداوە، ئیستا ئەم چالاکیانە چون هەلدەسەنگینن و چ کاریگەرییەکی لەسەررەوتی کاری کەمپینەکەتان هەبووە؟**

ئاسۆ کەمال : سەرەتا سوپاس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە ، کاری ئەم دەورەیەی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان لەشارەکانی سلێمانی وهەولێر کەمپینەکەمانی بردۆتە  ئاستی هەر هێزێکی سیاسی تر کە جێگاو نفوز و کاریگەری هەیە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا.بێگومان ئەمە بەشێکی بۆ کاری زیاتر لە پێنج ساڵی ئێمە لە دەرەوە و لە کوردستان دەگەڕێتەوە و بەشێکی تری بۆ چالاك بونی کەمپین دەگەڕێتەوە لەماوەی دوو و سێ‌مانگی ڕابردوودا لەسەر مەسەلە حەساس و چارەنوس سازەکانی کوردستان ،وەك وەستانەوە دژ بە هێرشی شۆڤینیستانەی یاوەر و هەڵوێستی جدیمان بۆ دیفاع لە رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لەبەرامبەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا،وەهەروەها ڕەخنە و فشارمان لەسەر لیژنەی باڵای "بزوتنەوەی رفراندۆم" کە خۆیان بە هەنگاوەکانی یەکێتی وپارتی‌یەوە بەستۆتەوە.هەر لەسەرەتای چونمان بۆ کوردستان و بینیی کەسایەتی ولایەنە سیاسی وجەماوەریەکان و بینینی خەڵکانی خوێندکار و ڕۆشنبیر وکرێکار و فەرمانبەر و کاسبکاران و هتد .. هەستمان بەو پشتیوانیە جدیەی خەڵك کرد لە هەنگاوەکان و نەخشەی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان . ئێستا دوای سازکردنی کۆنفرانسی سلێمانی و کۆڕێکی جەماوەری لە هەولێر و بینیی دەیان کەسایەتی سیاسی وڕۆشنبیری لەشارەکانی سڵێمانی وهەولێر و هەلەبجە و کفری و صمود و پشدەر و خانەقین و کەرکوك وزۆر شوێنی تری کوردستان ئێمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ناسراوین .

کاری ئەم دەورەیە لەئاستی کۆکردنەوەی پشتیوانی بەدەوری کەمپینی رفراندۆمدا سەرکەوتوبوو ، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئامادەیی هەموو هاوکاری و کارێکی هاوبەشیان لەگەڵ کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا دەربڕیوە ، حزبی کاری دیموکراتی کوردستان بەرنامەی ڕادیۆیی خستۆتە بەردەستمان لە هەولێر و ئامادەیی هەموو هاوکاریەکیان دەربڕیوە ، حزبی ڕزگاری کوردستان و حزبی پارێزگاران و حزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستان بەپەیامی پشتیوانی و بە هاتنی وەفدیان بۆ کۆنفرانسی سلێمانی هاواکری خۆیان دەربڕیوە، سەنتەری ڕۆشنبیری ئالا لە هەولێر کاری جدیان لەگەڵماندا دەستپێکردوە و کۆڕێکیان بۆ سازکردین وبەرنامەی درێژخایەنمان لەگەڵیان هەیە بۆ گەشەپێدانی ئەم کارانەی کەمپین لەناو ناوەندی زانکۆ و لاوانی شاری هەولێردا . ناوەندی ئاڤیستاو کۆمەڵی هونەرمەندانی سلێمانی و ناوەندە رۆشنبیری و کۆمەلایەتیەکانی تریش بەهەمان شێوە ئامادەیی هاوکاریان دەربڕیوە. هاوکات ئێمە لە دکتۆر ومامۆستایانی زانکۆی سلێمانی و هەولێرەوە پشتیوانی کراوین و بەرێزانی وەك د.محمد محوی و د.هۆگر محمود و ڕێبوار سیوەیلی و زۆرێك لە کەسایەتیەکانی تری ناو

زانکۆکانی کوردستانمان بینیوە و بەشێکیان قسەکەری کۆنفرانس بوون و بەشێکیشیان ئامادەیی هاوکاری لەگەڵ ئەم کارانەی کەمپین لە ئاستی جۆراوجۆردا دەربڕیوە.هەروەها ئێمە لە ناو پەیمانگاکانی تەکنیکی و هونەرە جوانەکان و ئامادەیی پیشەسازی وکشتوکاڵی و زۆر ناوەندی تری خوێندندا قسەمان کردوە لەگەڵ مامۆستاو خوێندکارەکاندا و پشتیوانی خۆیان دەربڕیوە تا لە نەخشەکانی داهاتوماندا هاوکاریمان بکەن. بێگومان کەسایەتیەکانی وەك فوئادی مەجید میسری و فوئاد قەرەداغیش لە کاری هاوبەش لەگەل کەمپینی رفراندۆمدا جیگایەکی تایبەتیان هەیە و دەروێکی زۆریان لە سەرخستن و بردنە پێشەوەی نەخشەی کەمپینیی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستاندا هەیە و لەوانەش پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان.

بەگشتی کاری ئەم دەورەیەی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ، هەروەك لە پەیامی کۆتایی کۆنفرانسی سلێمانیدا هاتووە، توانیویەتی سەرەتای کارێکی جەماوەری و بەڕێخستنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری بۆ رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان دەست پێبکات و یەکێك لە هەنگاوەکانیشی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی جەماوەری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانە وەك ئەو کۆنگرەیەی نیلسۆن ماندێلا لە باشووری ئەفریقادژی ئاپارتایدبوو.هەربۆیە دەمەوێت لێرەدا بڵێم کە کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان خەریکی پێکهێنانی ئەو کۆنگرە جەماوەرییەیە لەزوترین کاتدا و خۆی هێزی سەرەکی دروستکردنی ئەو کۆنگرەیەیە .کاری ئێمە بۆ ئەوەیە هەموو ئەو هێزانەی لەسەرەوە باسم کرد کە پشتیوانی لە کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان دەکەن و هەموو ئەو هێز و کەسایەتیانەش کە ئێمە وەك لیژنەی بەدواداچوونی کارەکانی کۆنفرانسی سلێمانی دامان ناوە بیان بینین لە کوردستان ولەدەرەوە ، هەروەها بەو گفتوگۆیانەشی لەگەڵ بزوتنەوەی رفراندۆمدا هەمانە ، بتوانین هێزێکی مەزنی جەماوەری و کۆمەلایەتی بەدەوری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستاندا کۆبکەینەوە و بەکردەوە وەك کۆنگرەی ماندیلا بێت و لەسەر گۆڕەپانی کوردستاندا کاریگەری جدی هەبێت.

## خەسرەوسایە: هاوکات ئاگادارن لەبارەی ریفراندۆمەوە پیکهاتەیەك بەناوی "بزوتنەوەی ریفراندۆم" خەریکی کارو هەلسوورانە پەوەندی ئیوە بەم بزوتنەوەیەوە چیە و چ جیاوازییەکتان لەگەلیان هەیە؟

ئاسۆ کەمال :ئێمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان لە بزوتنەوەی رفراندۆم (ڕاپرسی) لە کوردستان دوو ڕێکخراوەی جیاوازین، مەسەلەی هاوبەشمان هەیە کە ئەویش رفراندۆمە بەڵام جیاوازیمان لەوەدایە کە یەکەم :ئێمە سەربەخۆین و پشتمان بە جەماوەر بەستوە و ئامانجمان لە رفراندۆمدا ئەویە کە چارەنوسی کوردستان لەلایەن خەلکی کوردستانەوە دیاری بکرێت نەك لەلایەن یەکیتی وپارتییەوە.دووەم: ئێمە ستراتیژی رفراندۆممان بۆ سەربەخۆیی یە و دانانی فیدرالیزم بە هەدەفی رفراندۆم بە چەواشەکردنی رفراندۆم دەزانین . بەم پێیە ئێمە نامانەوێت رفراندۆم ببێتە کارتی فشار بەدەست فیدرالیزمی یەکیتی وپارتییەوە بەڵکو دەمانەوێت لەڕێگای رفراندۆمەوە خەڵکی کوردستان بە مافی سەربەخۆبونی کوردستان بگات.

ئێمە لە کوردستان لیژنەی باڵای رفراندۆممان بینی لە سلێمانی ولە هەولێر و من و هاوڕێ زمناکۆ عزیز بەشداریمان لە کۆبونەوەیەکی نوێنەرانی بزوتنەوەی رفراندۆم لە سلێمانی کرد . لەو کۆبونەوەیەدا نوێنەری هەلەبجەی شەهید تەئیدی ئەو قسەیەی منی کرد کە بزوتنەوەی رفراندۆم بنکە و پشتیوانیەیەکی جەماوەری سەربەخۆی نییە کە وەك هێزێکی جەماوەری لە گۆرەپانی کوردستاندا لە مەیداندا بێت بۆ دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان وبەرپاکردنی رفراندۆم . کەسانێك لە لیژنەی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم ئەمەیان ناوێت و خۆیان بەبەدیلی حزبە دەسەلاتدارەکان

نازانن و هەربۆیە سیاسەتی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی رفراندۆمدا سیاسەتی سپاردنی چارەنوسی کوردستانە بەدەستی یەکیتی وپارتی و کارکردنە وەك کریچی نەك ساحیب ماڵی کوردستان . ئەمە ناکۆکی‌یەیکە کە بزوتنەوەی رفراندۆم نایەویت لێی دەربچێت و لیژنەی باڵاکەشی سەرەرای هەر هەوڵێکی باشیش کە بەشێك لە ئەندامەکانی دەیدەن سوکانەکەی دواجار بەدڵی ئەوانە ئاراستە دەکرێت کە گیرفانی دەسەڵاتیان کردۆتەوە بۆ دابینکردنی ئەو کارانەی بەرژەوەندی خۆیانی تێدا دەبیننەوە.

هەربۆیە کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان بەپێچەوانەوە پشتی بەستوە بە ئامادەکردنی جەماوەری کوردستان بۆ سەرخستنی خواستی رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و کاردەکات کە ئەو هێزە جەماوەریە لە کۆنگرەیەکی جەماوەری سەربەخۆدا کۆبکاتەوە و دەست بدتە چالاکی جۆراوجۆر لە کوردستان و راکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی لە دەرەوە بۆ بەرپاکردنی رفراندۆمێکی ئازاد و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

ئێمە راستە رفراندۆممان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەوێت. بەڵام ئەوە خەڵکی کوردستانە لە رفراندۆمدا بریاردەدات کە مانەوەی لە عێراقدا دەوێت یان سەربەخۆیی ، نەك ئێمە ونەك هیچ حیزب ولایەنێکی تر. بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا یەکیتی وپارتی دەڵێن رفراندۆم بۆ چەسپاندنی فیدرالیەتەکەیانە،ئێمە پێویستە ئەو چەواشەکاریە لابەرین بەوەی تەئکید بکەینەوە کە رفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی یە نەك فیدرالیەت.ئەگەر خەڵکی کوردستان مانەوەی بویستایە لە عیراقدا ئەوا رفراندۆمی داوا نەدەکرد . رفراندۆم بۆیە داوا دەکرێت چونکە خەڵك سەربەخۆیی دەوێت و بەپێی هەلومەرجی عیراق وناوچەکە رفراندۆم رێگایەکی ممکن و گونجاوە بۆ گەیشتن بەو سەربەخۆیی‌یە.

ئێمە خوازیاری ئەوەین کە یەکێتی وپارتیش رێگای رفراندۆمێکی ئازاد بگرنە بەر و ئەم هەوڵەشمان تاقی کردۆتەوە بەڵام ئەوان رفراندۆمی ئازادیان لە ئێستادا ناوێت.یەکەم لەبەرئەوەی رفراندۆمی ئازاد بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی کوردستان واتە خەڵك و جەماوەر بریار بەدەست بێت نەك حزبەکان ، کە ئەمە تائێستا لەلایەن یەکیتی وپارتی‌یەوە قبوڵ ناکرێت و دەلێن کە رابردوو و ئێستا وداهاتوو خۆیان پاوانیان کردوە. دووەم ستراتیژی یەکیتی وپارتی مانەوەیە لە عێراقدا و بەم پێیە پێچەوانەی خواستی سەربەخۆیی کوردستان و رفراندۆمێکی ئازادە کە بەزۆری بەدیلی سەربەخۆی دەچەسپێنێ نەك فیدرالی . بەم پێیە خۆبەستنەوەی رفراندۆم بە رازیکردنی یەکێتی وپارتی بەمانای جدی نەبونە لە بەرپاکردنی رفراندۆمێکی ئازاد بۆ خەڵکی کوردستان و خۆهێشتنەوەیە لەبازنەی یاری دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عیراق وئەمریکادا ،وە لە کۆتاییدا بونە کارتی فشار بەدەست ئەم حزبانەوە و چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان و ساردکردنەوەیانە لە ئومێدێك کە دروست بوە بەرفراندۆم و بە ئەو هێزانەی کاری بۆدەکەن . گفتوگۆیەك کە ئێستا لەگەڵ بزوتنەوەی رفراندۆمدا هەمانە بۆئەویە کە ئەم بزوتنەوەیە لەو ناکۆکیانەی ئاگاداربکەینەوە و لەگەڵ ئەو کەسانەی بە کردەوە بۆ رفراندۆم کاردەکەن رێگەنەدەین ئەو نائومێدی و چەواشەکاریانە زاڵ ببێت و بەپێچەوانەوە سەرەرای ئەو جیاوازیانەی لەسەرەوە باسم کردن ئێمە دەورانی ئێستا ئەوەندە بە حەساس وچارەنوس ساز دادەنێین بۆ خەڵکی کوردستان و سەرکەوتنی خواستی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان کە ئامادەین لەسەر ناکۆکی لاوەکی چاوپۆشی بکەین و پێکەوە کاری عەمەلی بکەین بۆ سەرخستنی پرۆسەی رفراندۆمێکی ئازاد و هەموو هێزی جەماوەری لەدەوری یەك کۆنگرەی جەماوەری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان کۆبکەینەوە. تا ئێستاش ئێمە دەست پێشکەریمان لەو کاری هاوبەش و دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشانەدا کردوە و بێ‌گومان ئەنجامی ئیجابی بۆ سەرجەم بزوتنەوەکە دەبێت. ئێمە وەك خەڵك لەم ماوەیدا لە کوردستان پەیوەندیان پێوە کردوین و خواستی ئەوەیان بوە کە لە رفراندۆمیشدا با دووبەش نەبین ، بەو رۆحیەتە جدیەی خەڵکەوە بۆ سەرخستنی رفراندۆم هەیانە کارمان کردوە کە رووی هاوبەشمان لەگەڵ بزوتنەوە رفراندۆمدا دەربخەین ودەعوەتمان کردون بۆ کۆنفرانسی سلێمانی و لەمەوداوش بۆ هەموو کارەکانمان بانگێشتیان دەکەین و دامان ناوە کە گفتوگۆکانمان بەردەوام بێت.

**خەسرەوسایە: بەلام "بزوتنەوەی ریفراندۆم" رۆژانی هەلبژاردن بریاری داوە صندوقی دەنگدانی نارەسمی دابنی ئیوە لەمبارەوە دەلین چی؟ ئایا لەم چالاکیی‌یەدا بەشداریتان هەیە یان نا؟ ئەگەرنا هۆکەی چی‌یە؟**

ئاسۆ کەمال: وەفدێکی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان کە پیهاتبوو لە کاژاو جمال ، زمناکۆ عزیز و من ، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ لیژنەی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم لە کوردستان لەسەر چەند مەسەلەیەکی ستراتیژی رفراندۆم قسەمان کرد و بەڕێز شێرکۆ بێکەسیش مەسەلەی صندوقی رفراندۆمی لە ڕۆژی هەڵبژادنەکاندا لەگەڵ ئێمە باسکرد و داوای هاوکاری ئێمەی کرد. خۆتان دەزانن بزوتنەوەی رفراندۆم نوێنەری یەکگرتوی ئیسلامیشی تێدایە کە لەو کۆبونەوەیشدا بوو وە باسی زیاتر لەوە دەکرد کە ئێمە جیاوازی زۆرمان هەیە و زیاتر عونصری سلبی بوو وە دیاربوو خۆشی لە نزیك بونەوەی کەمپین وبزوتنەوەی رفراندۆم نایەت.سەرەڕای ئەمانە ئێمە کەسانی وەك کنێر عبداللەشمان بینی کە بەپێچەوانەوە لە ڕوانگەی بەهێزکردنی رفراندۆمەوە جدی بوو لەسەر کاری هاوبەش و ئێمە دەعوەتمان کردبوو کە وەك عونصرێکی چالاك و وەك ژنێك کە لەو بوارەدا کاردەکات لە کۆنفرانسی سلێمانیدا ببێت بەداخەوە کە نەیتوانی  ئامادەبێت بەهۆی گرفتێکەوە. هەربۆیە لەسەر مەسەلەی ستراتیژی حەرەکەتی رفراندۆم و کاری ئەم دوو قوتبەی ئێستا ، کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان و بزوتنەوەی رفراندۆم، کاتێکی زۆری دەوێت تا یەکلایی دەبێتەوە و ئێمە قسەی خۆمان کردوەو ئەوانیش وەك لیژنەی باڵای کوردستان دوای کۆبونەوەی خۆیان دادەنیشینەوە و درێژە بەو گفتوگۆیانە دەدەین.

سەبارەت بە مەسەلەی صندوقی رفراندۆم ،ڕای ئێمە بەم شێوەیە بوو.یەکەم: دانای صندوق نابێت مەرج بێت بۆ ئێمە کە لەسەر هەڵبژاردن قسەی خۆمان نەکەین و ئێمە بەخەڵك دەڵێین مەچن بۆ هەڵبژاردن، دەنگ بدەن بە رفراندۆم.هۆی ئەم کارەمان ئەوەیە کە کاتێك تۆ صندوقێك بۆ رفراندۆم لەبەردەم صندوقی هەڵبژاردندا دادەنێیت ئەگەر هیچ قسەیەك نەکەیت لەسەر صندوقەکانی تر وەك ئێستا بزوتنەوەی رفراندۆم دەیکات ، صندوقی رفراندۆم دەبێتە پاشکۆی صندوقەکانی تر و بگرە بەناوی چون بۆ صندوقی رفراندۆمەوە خەڵك دەبرێت بۆ صندوقەکانی هەڵبژاردنیش.ئەمە لەکاتێکدایە کە دەبوایە خەڵکی کوردستان پێش هەڵبژاردن مافی بەرپاکردنی رفراندۆمیان ببوایە. ئێستا کە هەلبژاردن ئەم مافی رفراندۆمەی لە خەلکی کوردستان سەندۆتەوە و بێ رفراندۆم و ڕاپرسی خەڵك دەبرێتە بەرصندوقی دەنگدان بۆ چونەوە ژێرسایەی حکومەتی مەرکەزی ، بێدەنگەکردن لە صندوقی هەلبژاردن بەمانای بەجدی نەگرتنی مافی رفراندۆمە. مەسەلەی دوەممان ئەوەبوو ئەگەر خاڵی یەکەم ڕێکەوتین ئەوا پێویستە ئەو کارانەی بەو شێوەیە بۆ صندوق دەکرێت بەناوی هەردوولامانەوە بێت تاکو ئەو ڕووە هاوبەشە ڕوو بەدرەوە نیشان بدەین وبزانین کە هاوکاریەکەمان کارێکی هاوبەشە. کاتێك ئەوان بەخاڵی یەکەم ناڕازی بوون و خاڵی دوەمیشیان بەدەرنگ دەزانی ، لەسەر مەسەلەی صندوقەکە ڕێك نەکەوتین و کۆبونەوەکەمان بەوە تەواو کرد کە لەکاتی تردا درێژە بە گفتوگۆ و دیاریکردنی کاری هاوبەش بدەین.

**خەسرەوسایە: بیگۆمان تەواو بوونی هەلبژاردن پەردەی دەورەیەکی نوی لەبەردەم کیشەی کورد لەکوردستانی عیراق هەلدەداتەوە، لەمبارەوە پیشبینی ئیوە چی‌یە؟ بەبروای ئیوە ریفراندم و داوای سەربەخۆیی زەمینەکانی ئیستایان دەمینی یان نا ؟ بەگشتی چ ئیحتمالاتیك لەسەر ریگای کیشەی کورد دەبیننەوە؟**

ئاسۆ کەمال:  هەڵبژاردن وەك هەرکام لەو بەدیلانەی تری وەك مەجلسی حوکم و حکومەتی کاتی کە لە ساڵ ونیوی ڕابردوودا ئەمریکا لە عیراقدا بۆ دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقی گرتونیەتە بەر ناتوانێت چارەسەری کێشەکانی عێراق بکات.بێگومان هەلومەرج و فاکتەری نوێ دەهێنێتە ئاراوە و قالبی کێشەکان دەگۆڕێت بەڵام خودی کێشەکان بەچارەسەرنەکراوی

دەهێڵێتەوە.بەتایبەت هەڵبژاردن خۆی نەخشەیەکە زیاتر بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی هێزەکانی ئەمریکا و چونە پێشی نەخشەکانی ئەمریکا نەك چارەسەری کێشەو ململانێکانی نێوان هێزە سیاسیە قەومی و ئیسلامیەکانی شیعە و کورد و سونە لەڕێگای صندوقی دەنگدان و دیموکراسیەوە.هیچ کام لەم هێزانە پابەند نین بەو ڕێگایەوە و هەڵبژاردن بۆ هەرکامیان لەڕوانگەی داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیانەوە سەیری دەکەن . هەرچۆن ئێستا هێزە ئیسلامی وقەومیە سونیە عەرەبیەکان ناتوانن ئەو دەسەڵاتەی خۆیان بسەپێنن کەوتونەتە دەرەوەی هەڵبژاردن ولەدژی هەڵبژاردنن. هەربۆیە جگە لە کێشمەکێشی ئەم هێزانە لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکە ، کێشەی یەکلایی کردنەوەی دەسەلات لە عێراقدا لە ڕێگای هەڵبژاردن ودیموکراسیەوە ناڕواتە پێش. یەکێتی وپارتی دڵیان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە قەومیە عەربیە میانڕەوەکاندا خۆش کردوە و بەمە دەیانەوێت لە ژێر هەڕەشەی (کەمایەتی وزۆرایەتی) دەربچن کە هێزە شیعەکان بەرزیان کردۆتەوە.بەڵام ئایا تەجروبەی ساڵی ڕابردوو نیشانی نەداوە کە ئەم هێزانەی جگە لە پشتیوانی ئەمریکا جەماوەرێکیان نیە دڵ ڕاگرتنی سیستانی وصدریان بەلاوە گرنگتر نیە لەچاو یەکێتی وپارتیدا.هاوپەیمانی لەگەڵ یاوەر و عەلاویدا چ ماف و چارەسەرێك بۆ خەڵکی کوردستان بەدەست دێنێ.هەڕەشەی شۆڤینیستانە تەنها سیستانی وهێزە شیعەکان نایکەن بەڵکو یاوەر و ناسیونالیزمی عەرەبی نانی لێدەخۆن و جەماوەری پێکۆدەکەنەوە. کێشەی دوای هەڵبژاردن کێشەی دانانی دەستوری هەمیشەیی و یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتە. یەکێتی وپارتی لە دانانی ئەم دەستور و دەسەڵاتەدا کەمینە و بەم پێیە چارەنوسی کوردستان بەدەستی زۆرینەی شیعە وقەومی عەرەبی دادەڕێژرێت و پێشیلکردن و بەڕەمیی نەناسینی مافی خەڵکی کوردستانیش لانی کەم لە تەجروبەی یەکساڵی ڕابردوودا لە دانانی قانونی ئیدارەی کاتی وحکومەتی کاتیەوە ئاشکرایە.هەڵوێستی ئەمریکاش ئاشکرایە لەکاتی دەرکردنی بڕیاری 1546ی مەجلسی ئەمندا کە هیچ زەمانەتێکی دەوڵی بەڕەوا نابینیت بۆ خەڵکی کوردستان وتەنانەت ڕێگە لەوەدەگرێت کە کێشەی کورد وەك کێشەیەکی سەرەکی عیراق بەڕادەی کێشەی ئەمنیەت لە عیراقدا حسابی بۆبکرێت وبچێتە ئەجیندای نەتەوەیەکگرتوەکانەوە و چارەسەر و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد بخرێتە ڕوو و وەك کێشەی فەلەستینی لێبێت.

بەپێی ئەم واقعیەتانەی سەرەوە کێشەی کورد لەساڵی 2005دا کێشەیەکی سەرەکی دەبێت و بەتایبەت لەئاستی جەماوەریدا لە کوردستان و لەدرەوەش دوای هەڵبژاردن چاوو دەچێتە سەر ئەوەی کە چارەنوسی کوردستان چۆن دیاری دەکرێت؟ پرسیاری خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە سەربەخۆ دەمێنێتەوە یان دەخرێتەوە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی مەرکەزی و حسابی کەمایەتیەکی بۆ دەکرێت کە قانون ودەستوری عەرەبی وئیسلامی بەسەردا دەسەپێنرێتەوە؟ ئایا مافی رفراندۆم و جیابونەوەی لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا بۆ بەڕەمیی دەناسرێت یان حکومەتی مەرکەزی فەتوای شۆڤینیستانەی سیستانی ویاوەر دەڵێتەوە؟

بەبڕوای من کێشمە کێش دوای هەڵبژاردن لەچەند ئاستدا خۆی نیشان دەدات لەلایەك لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و خەڵکی کوردستاندا لەسەر چارەنوسی کوردستان.لەلایەکی ترەوە لە نێو کوردستاندا لەلایەن خوازیارانی مانەوە و تەسلیم بوون بە ژێردەستەیی حکومەتی عەرەبی وئیسلامی لە عیراقدا لەبەرامبەر جەماوەری ناڕازی و تەسلیم نەبوو بە ژێردەستەبونەوەی ئەو حکومەتە قەومی وئیسلامیە و بەرزتر بونەوەی دەنگی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان.

بێگومان ئەم بەرەیەی خەڵکی کوردستان وجەبهەی سێهەمە لە کوردستان پێویستی بە هێزێکی ڕێکخراو و پێشڕەوە کە بتوانێت ئەم خواست وناڕەزایەتیەی خەڵکی کوردستان کۆبکاتەوە و یەکرگتوی بکات و بیکاتە ڕیزێکی سەربەخۆ کە مەسەلەی بەرپاکردنی رفراندۆمێك لە کوردستان بکاتە ئەمرێکی واقیع و پشتیوانیەیەکی نێونەتەوەیی بۆ بەدەست هێنابێت. کاری ئێمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆ گێڕانی ئەم دەورە مێژوویی وچارەنوس سازەیە. ئێستا بەداوی کۆنگرەی لەندەن وسلێمانیدا و بەداوی پەیداکردنی ئەو پشتیوانیە جەماوەری و نێونەتەوەییە توانیومانە ئامادەیی خۆمان نیشان بدەین بۆ کۆکردنەوەی جەماوەری کوردستان بەدەوری کۆنگرەی جەماوەری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستاندا و دەست کردن بەکار وەك ئەو ڕێکخراوە جەماوەریەی دەبێت وەك هێزێکی سێهەم لە کوردستاندا خەڵکی کوردستان ئامادەبکات وبهێنێتە مەیدان بۆ گرتنە بەری ڕێگای رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان کە تاکە ڕێگاچارەی کێشەی کوردە لە عێراقدا و تاکە ڕێگای پاراستنی ماف و سەربەخۆیی تا ئێستا بەدەست هاتوی خەڵکی کوردستانە. ئێمە جارێکی تر بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ پەیوەست بوون بەڕیزی ئەم بزوتنەوە جەماوەریەی فراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان و دەنگدان بە رفراندۆم بۆسەربەۆخیی کوردستان تەنها ئایندەیەکی باش و ئارام و ئازادە لە ئێستادا.